# ڕاکە هاوڕێم، ڕاکە - مەرگ هات!

سیروان عەبدول

ئەو شەوە حەزەکانی، تاسەی ئەو هەموو ساڵە دوورودرێژە خیانەتیان لێ کرد، نەیانتوانی ووزە و جووڵەی پێویستی بۆ تێ بخەن.

تووڕە بوو؛ چاک تووڕە بوو.

***　　***　　***

ئەو لە شاخیش زۆر جاران تووڕە دەبوو. گەر کەسێک چەکی دادەنا، ئەم گڕی دەگرت. کە سەعەی ئایشە لە لێبووردنە گشتییەکەدا سواری پیکابەکە بوو و بەرەو شار ملی ڕێگەی گرتە بەر، ئەم لە جیاتی تەوقە دەستێکی بەسەر شانیدا دا و بە تەوسێکەوە پێی ووت:

- "برۆ پاڵەوان برۆ! بەخوا هەر یەکەمجار کە بەو لەقەبە جوانەتەوە هاتی بۆ شاخ زانیم چی ماڵێکیت." . . "بچۆرەوە بۆ لای هاورێکانت، کوڕی ئایشە و مایشەکانی تر کە بە هەمووتانەوە *هاجەر*تان پێ چار نەکرا." . . "پشتمان بە ئێوە و مانان قایم بێت شۆڕش قەت هیچ بە هیچ ناکا."

ئەم بەرپرسیارییەتێکی گەورەی نەبوو لەناو هاوڕێکانیدا، بەڵام بە قسەی سەی خەلیلی فەرماندەی هەموویان:

- "پیاوێکی بەمەبدەئە، بەمەبدەء."

هەر لەبەر ئەمە و لەبەر ئەوەش کە ئەم بەشی گەورەی تەمەنی لەرێگای خەباتدا دانابوو، سەی خەلیل ڕێزی گەورەی لێ دەگرت و هەموو ئەوانی تری بە "کورە" بانگ دەکرد، ئەم نەبێ کە پێی دەگووت "هاوڕێ".

زۆرترین تووڕەبوونی ئەو ڕۆژە بوو کە سەی خەلیلی تیا شەهید بوو. ئەو سەری لەسەر ڕانی ئەم بوو کە گیانی سپارد. تووڕەبوونی ئەو ڕۆژەی سەرەتا لە داخی ئەوە بوو کە فەرمانی دەستلێهەڵگرتنی ئەو هێرشە درا کە بڕیار بوو ئەو ڕۆژە بیکەنە سەر مۆڵگەکانی هێزەکانی دەوڵەت. ئەم وا بە ئاسانیی ئارام نەدەبووەوە. سەی خەلیل بۆ قەناعەت پێهێنانی پێیدەگووت:

- "ئاخر هاوڕێ هەر نزیکبوونەوەیەک لەو هێزە گەورەیە یەعنی مەرگ، مەرگ! تێ ئەگەی مەرگ یەعنی چی؟!"

لێرەدا ئەم تۆزێک ئارام دەبووەوە. پاشان بە بزەیەکی شەرمنانە و بە ئاماژەیەکی ناوەکییەوە دەیگووت:

- "مەرگ لەوێیە. کەواتە ئاراستەی ئێمە ئەبێ بەرەو ئەوێ بێ. ئەی بڕیار نییە ئێمە (مەرگ) لە (پێش)مان بێت؟"

سەی خەلیل بە بزەیەکی بەرین و بە دەنگێکی تێکەڵ بە پێکەنینەوە دەیگووت:

- "با لە پێشیشمان بێت، شەرت نییە خۆت بچی بە پیرییەوە. پەلەت نەبێ خۆی دێ. خۆ قابیلە بۆ کوێ ئەچێ، ڕۆژێ هەر دێ."

هەر ئەو ڕۆژە بوو لەو دۆڵەدا دوژمن بە جێگەی زانین.

- "فریاکەوین زوو چۆڵی کەین"، سەی خەلیل فەرمانی دا.

لەو هەڵپەی پاشەکشێیەدا بیری نەچوو ڕووبکاتە ئەم و بە بزەیەکەوە پێی بڵێ:

- "ئەی چی هاوڕێ! فریای خۆت نەکەوی مەرگ ئاوا زوو دێ و خۆشت نازانی چۆن ڕاتئەماڵێ و تەختت ئەکا."

زۆری نەبرد سەی خەلیل بە پێکراویی سەری بەسەر ڕانی ئەمدا شۆڕببووەوە و پاش ماوەیەکیش گیانی سپارد.

ئەم تووڕە بوو، چاک تووڕە بوو و ئارام نەدەبووەوە. حەزی ئەکرد هەر ئەو لەحزەیە بۆ تۆڵەسەندنەوە بچێتەوە سەر دوژمن. هەر لەگەڵ بیرکردنەوە لە دوژمن؛ لەگەڵ بیرکردنەوە لەوەی کە ئەبێ کێ خەبەری لێ دابن، بیری هاجەری کەوتەوە و ئەوەندەی تر گڕی گرت.

* * *        * * *        * * *

ئەم هیچ دڵنیا نەبوو کە ئەو ئیخبارییی کردوون، "بەڵام کێ وەک ئەو قەحپەیە ڕقی لە ئێمەیە؟!" لە دڵی خۆیدا دەیگوت. "ئەی ئەوە نییە شەو و ڕۆژ لە باخەڵی دوژمنایە؟"

لە تورەبوونی ئەو لەحزەیەوە کە سەی خەلیل سەری لەسەر ڕانی ئەم دانابوو کاتێک سارد بووەوە و گیانی سپارد، تا ئەو کاتەی لە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە هەواڵی پێ گەیشت، ئەم هەر بیری لای ئەوە بوو "کە ئەبێ قەحپەیەکی وا چی بڵێت بۆمەرگی فەرماندەیەکی وا!"

"سەری مارەکە تۆپی"، بە دەرودراوسێکانی وتبوو.

"ئاخ چۆن دەسم لێت گیر بێ و لەت و پەتت کەم"، ئەم بەتووڕەییەکی زۆرەوە و بەهاوارێک کە لە شاخەکانی ئەوبەردا دەنگی دەدایەوە ئەمەی ووت. "هەر لە منداڵییەوە دیار بوو چی قەحپەیەکی. هەر چەن قەحپەیەکی وەک تۆشە یارمەتی پیاوەکانی حکومەت ئەدەن شوێنی ئێمە بدۆزنەوە. بەرامبەر بە چیش. هیچ، ئەوە نەبێ لەگەڵت ڕائەبوێرن." . .

هاجەر، کۆنە دراوسێیان، هەر لە هەرزەکارییەوە بە جوانییەکەی، بە ناز و جوختییەتێکەی مێشکی ئەمی داگیر کردبوو. ئا، هەر لەو کاتانەشەوە نیشانەی ئەوە دیار بوو کە ئاوا کەسێکی چاوبەل دەردەچێ و هەم دەبێتە لەشفرۆش و هەمیش پیاوی حکومەت.

ئەم تا دەرچووە دەرەوە ببووە حەسرەتی دڵی فرسەت بێنێ لەگەڵی تاک بێتەوە و ئەگەر تەنها بۆ جارێکیش بێت لەگەڵی ڕابوێرێت. بەڵام کە ئەمەی بۆ نەئەلوا، ئیتر تەواوێک تووڕە دەبوو.

ئەو ئەم حەز و حەسرەتەی لەگەڵ خۆی بردە شاخ و پاش ئەو هەموو ساڵە دوور و درێژە و دوای سەرگرتنی شۆڕش، وەک خۆی هێنایەوە شار.

سەردەمی شاخ هیوای بەوە نەما تازە بتوانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستی لێی گیر بێت؛ ئەمە تورەی دەکرد و زۆر درەنگ ئارام دەبووەوە. کە هەواڵی ڕابواردنی ئەویشی پێئەگەیشت لەگەڵ پیاوانی ترا ئیتر بەجارێک گڕی دەگرت:

- "شۆڕشێک نەتوانێت دوژمنێکی قەحپە چار بکا قەت هیچ بە هیچ ناکا."

ئەم خۆی نەیەویست تەسلیم بێتەوە. کە مەیلی گەڕانەوەشی بۆ ئەم مەسەلەیە تیا ئەجووڵا، لەبەر خۆیەوە دەیووت:

"ئەم شۆڕشەش یەکجاریی زۆری خایاند"

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ئەم پێشنیاری کوشتنی بۆ سەی خەلیل کرد و ئەویش سەعەی ئایشەی ڕاسپارد بە هاوڕێکانی ناو شاری بکات. نەکرا، "کوڕەکانی ئایشە و مایشە نەیانتوانی چاری کەن."

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

کە شۆڕش سەری گرت و بەو تەمەنە گەورەیەوە گەڕایەوە شار، ئەم هەر ئەو حەز و حەسرەتەی جاران و، هاجەریش، سەرباری تەمەنی، هەر ئەو تەڕ و بڕییەی جارانی تیا مابوو.

موددەتێکی زۆری نەبرد ئەم ببووە پیاوی حکومەتی تازە و، هاجەریش بەسەر نەیارانی حکومەتی تازەوە جاسووسیی بۆ حکومەت دەکرد و لەپاڵیشەوە لەگەڵ پیاوانی حکومەتدا ڕایئەبوارد.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

زۆری کرد تا توانی ئەو شەوە هاجەر بکێشێتە ژوورەوە و قەناعەتی پێ بێنێ لەگەڵی بێت. قەناعەتی بەو هێنا، بەڵام ترس و دڵەڕاوکێیەکیش دایگرتبوو.

هەر زوو بەسەر جلەکانەوە نیشت بە سینگ و بەرۆکییەوە و نەیئەویست بەری بدات. ئەمە ماوەیەکی درێژی برد. حەز بوو یان جوختێتیی، هاجەر داوای کرد ڕووت ببنەوە. دوای ئەم داوایەی هاجەر، بە ئاسانیی ئەتتوانی گوێت لە ترپەی لێدانی دڵی ئەم بێت. کە نەچووە ژێربار، هاجەر دەستی برد و بە ژێر کەمەری ئەمدا بردیە ژوورەوە:

- "ئەوە چییە، ئەڵێی پیرێتیی پێی نەهێشتوویت!؟ هاجەر لەپڕ بەدەنگێکی بەرز و بە تۆنێک پرسیاری کرد کە دیار بوو چاوەڕوانی وەڵام نییە. "ئەو مارە تۆپیوە چییە وا سەری بەسەر ڕانتا شۆڕ کردۆتەوە؟"

ئەمیش نەیەویست مل بداتە بەر باری وەڵامدانەوە، چونکە ئەیزانی تاکە وەڵامی قایلکەر سەلماندنە. سەلماندنیش، بەتایبەت بەو لەرزە لەرزە زۆرەوەی کە دوای ئەو پرسیارە کەوتبووە جەستەی، وەک ئامانجێکی ئاسان و بەردەست بۆی نەدەهاتە بەرچاو. بۆیە وەڵامی نەدایەوە، بەڵام دیار بوو تەواو تووڕەیە. تەنها ئەوەندەی کرد ئەو دەستەی هاجەری گرت کە درێژی کردبوو و بە توڕەییەکەوە دووری خستەوە.

لێی دوور کەوتەوە. ماوەیەکی برد تا هەندێک خۆی کۆ کردەوە و لەپڕێکا هاجەر بینی بەسەریدا دەقیژێنێ:

- "ئەوە قەحپەی بێ شەرەف کێ ووتی وەرەماڵی منەوە. ئەتەوێ شەرەفی ئێمە و مانانیش وەک هی خۆت لەکەدار بکەیت؟ کەس نەما لە کەسە نیشتیمانپەروەرەکان بئاڵێیت؟!"

هاجەر بەدەم ڕێکخستنەوەی جێگەی مەمکەکانی لەژێر کراسەکەیدا چاوی بڕیبووە ئەم و بزەیەکی گەشی خستبووە سەر لێوی. ئەم تووڕە بوو، چاک تووڕە بوو. هەر بەو تۆنە تووڕەیەوە درێژەی پێدا:

- "بۆ دەرەوە قەحپەی بێ ئابڕوو! بۆ دەرەوە! من شتی وا ناکەم و تۆ ئەتەوێ ئابڕووم بەری."

بەپاڵ وەدەرینا. لەبەر دەرگاکەی دەرەوە بەهەڕەشەیەکەوە پێی ووت:

- "هەموو ژیانت یان بۆ بەکوشتدان، یان بۆ لەکەدارکردنی شەرەفی ئێمەومان تەرخان کرد. بەس بۆ کوێ ئەچیت، هەموو کەس ئەزانێ پیاوی حکومەت بوویت."

هاجەر بە خەندەیەکی عەیارانەوە وەڵامی دایەوە:

- "پیاوی چی؟ نەتزانیوە من ژنم؟" ئینجا بە چەناگەی ئاماژەی بۆ ناو گەڵی ئەم دەکرد و ووتی: "خەڵکیی پیاون خەڵکیی!"

ئەو هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، ئەم بە توندیی و بە تووڕەییەوە دەرگاکەی بەڕوویدا داخستبوو.

* * *     * * *     * * *

لەدیوی ژوورەوە دەستەکانی نایە پشتی و، پشتی نا بەدەرگاکەوە و ڕەپ وەستا.

تووڕە بوو، چاک تووڕە بوو. پێشنەدەچوو تازە ڕۆژێک بێت ئارام بێتەوە.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * *